# یاسا




شانۆگەرییەکی کورتی کۆمیدی

# یاسا

وەرگێرانێک لە کورتە چیرۆکێک

نووسەر:

## ڕەحمان عەزیزی

# یاسا

**کەسایەتیەکان:**

**پیرە دز**

**دز گەنج**

**خاوەن ماڵ**

**پۆلیس**

دیمەن: **ژوورێک لە ڤێلایەکدا**

**دیمەنەکە بە رووناکێکی کەم دەستپێدەکات.وە گڵۆپەکانی ناو ڤێلاکە نیوە ڕووناکن و ئاماژەن بە کاتی نیوەشەو**

**دەنگی کردنەوەی  درگاکە دێتە سەر.**

**دوو دزەکە بە هێواشی و بە وریاییەوە دەێنە ژوورەوە.**

**دوو دز لە ناو ژووری ڤێلاکەوە بە ماتە مات وئارامی دەگەڕێن.**

**وە دوای گەڕان، سەیفەکە دەدۆزنەوە.**

**دزە گەنجەکە بە خۆشحاڵیەوە دەچێتە لای.**

**پیرە دزە  لە سەرە خۆ وبێ پەلە لێی نزیک دەبێتەوە و زۆر ئاسایی سەیری جوڵەی دزە گەنجەکە دەکات.**

**دزی گەنج: واو ئەوەندە پێشکەوتووە ناتوانین بیکەینەوە.**

**پیرە دز: پەلە مەکە**

**دزی گەنج: پەلە بکە ئێستا لە خەو هەڵدەستێت.**

# یاسدا

پیرە دز: پەلەکردن لە کاری شیتانە، پەلە بکەی ناتوانین تەرکیز بکەین

گەنج دز: ئێستا کاتی بانگەوازو مووعیزە نییە. پەلە بکە

پیرە دز: باش  سەرنج بدە، هەوڵ بدە بیکەیتەوە

دزی گەنج: وتم کە ... نەخێر ... ناتوانین بیکەینەوە. با بچینە دەرەوە . ئێستا کە خاوەن ماڵەکە لە خەو هەڵدەستێت.

پیرە دز: ئێمە هاتوین ... دەبێ ئیشمان بە باشی ئەنجام بدەین ... نابێ بە دەستی بەتاڵ بڕۆین.

دزی گەنج:چی دەڵێی ... ئێستا لە خەو هەڵدەستێت ... ئەم سندوقە ناکرێتەوە .

دزی پیر: دەکرێتەوە ...

دزی گەنج: ناکرێتەوە

پیرە دز: وتم دەکرێتەوە ... تەنها ئەوەندە کە بە باشی سەرنجی بدە

دزی گەنج: من ئەمە باش دەزانم ... تەکنیکێکی نایابی هەیە. زۆر پارێزراوە

پیرە دز: مەترسە...سەرنج بدە...ئاگاداربە.. دەکرێتەوە

دزی گەنج: تۆ پیری ... باش لەم شتە تێناگەیت

پیرە دز: ئەزمونی تەواوم هەیە... تۆش ... ئاسایش و تەکنیکت نییە و شتی لەو جۆرە هیچ نین بە بەراورد بە ئەزموونەکانی من. سەرنج بدە ئەگینا هیچ کات فێر نابی

دزی گەنج: گوێ بگرە؟!!! .... پێم وایە دەنگێکم بیست .... با لێرە دەربچین

پیرە دز: بە دەست بەتاڵ ناڕۆم

دزی گەنج: ئێستا کاتی یاریکردن نییە. لەبیرت بێت دەمانکوژێت

پیرە دز: هیچ .... خەمت نەبێت

دزی گەنج  : گوێم لە دەنگێک بوو ... پەلە بکە لێرە دەربکەوێن

پیرە دز: متمانەم پێ بکە ... هیچ ڕوونادات.

# یاسا

**دزی گەنج: چۆن متمانەت پێ بکەم ... تۆناتوانیت باش ڕابکەیت**

**پیرە دز: مەرج نییە ڕابکەم ...**

**دزی گەنج: من دەترسم**

**پیرە دز: بڕۆ ئەو لا... دەیکەمەوە**

**گەنجی دز: ناتوانیت .... کات بەفیڕۆ مەدە .... با لێرە دەربچین**

**پیرە دز: بێ پارە ناڕۆم.**

**(پیرە دزەکە دەچێتە سەیفەکە. دوای چەند ساتێک دەیکاتەوە)**

**دزی گەنج: (بە سەرسوڕمانەوە) چۆن ئەوەت کرد؟ ئەی...**

**پیرە دز: من ئەزموونم هەیە لەگەڵ ئەمەدا، پێم وتی متمانەم پێ بکە.**

**(پیرە دزەکە پارەکە دەردەهێنێت. هەموو پارەکان و هەرچی لەسندووقە دایە دەخاتە سەر مێزەکە)**

**دزی گەنج: چی دەکەیت؟ بۆ نایانخەیتە ناو جانتاکە... دەبێت لێرە دەربچین.**

**پیرە دز: پەلە مەکە ... زۆر بە ئاسانی لێرە دەردەچین**

**(دەڕوات و گڵۆپی ژوورەکە دادەگیرسێنێت)**

**دزی گەنج: چی دەکەیت؟ تۆ شێتیت؟**

**پیرە دز: ئارام بگرە ... خەمت نەبێت .... (پارچە کارتی یاری لەناو کومدیکەدا دەدۆزێتەوە) لەسەر کورسییەک دابنیشە**

**دزی گەنج: چی دکەی؟ چیت هەیە؟**

**پیرە دز: دەمەوێت پێکەوە یاری کارت بکەین.**

**دزی گەنج: (بە سەرسوڕمانەوە) با ڕابکەین. ئەو لە ماڵەوە یاری دەکین، پێش ئەوەی هەست بە بوونی ئێمە بکەن با را بکەین**

**پیرە دز: (بە دەنگی بەرز) گوێ بگرە ... پێکەوە یاری دەکەین.**

## یاسدا

دزی گەنج: (بە ترسەوە) دەنگت بێنە خوارەوە ....

پیرە دز: من بەڕێوەبەر و سەرۆکەکەتم ئێستا بڕیارێکم ئەویە ... گوێم لێ بگرە و فێربە

دزی گەنج: من دەترسم

پیرە دز: با دەست بە یاری بکەین

دزی گەنج:( سەرسوڕهێنەرە): با ڕابکەین

پیرەدز: وەک دەڵێم بیکە ... و سەلاجەکە بکەرەوە و سێ دەبە پیپسی و سێ پەرداخ لەگەڵ خۆت بهێنە !!!

(لە سەرکوورسیەکە دادەنیشێت)

دزی گەنج:(لە سەلاجەکەدا سێ دەبە پیپسی وکابینەکەداسێ پەرداخ دێنێت و کارتەکانی بە ترس وە  دەست دەکات بە یاریکردن و خواردنەوە ...)

پیرە دز:تەلەفزیۆنەکە دابگیرسێنە و بە درێژایی ڕێگاکە دەنگی بەرز بکەرەوە

دزی گەنج:( دوودڵ بووە)ها؟

پیرە دز:(بە توندی سەرزەنشتی دەکات)ترسنووک مەبە ئاوا بەکەێت هیچ فێر نابێت

دزی گەنج:(بە سەرسوڕمانەوە) پێیم وایە ئاغا تۆ  شێت بووی...منیش خەریکە کەر دەبم کە گوێڕایەڵی تۆ بووم

پیرە دز: ئەوە لە ترسدا دەلەرزی؟

دزی گەنج:چونکە دەگیرێن و زیندانی دەکرێن...وەک ڕۆژروون لێم دیارە چمان بسر دێت

(خاوەن ماڵەکە لە خەو هەڵساوە ودەمانچەیەکی بە دەستەوە یە ودێتە ژوورەوە)

خاوەن ماڵ:- دزەکان چی دەکەن؟ با کەس نەجوڵێت ئەگینا دەتانکوژم ...

خاوەنی کۆشکەکە لە خەو هەڵسا، دەمانچەیەکی بە دەستەوە گرت و وتی:

# یاسدا

**- دزەکان چی دەکەن؟ با کەس نەجوڵێت ئەگینا دەتکوژم ... دزە شارەزاکە گرنگی پێ نەدا بەڵکو بە هاوڕێ گەنجەکەی وت:**

**- یاری بکە، یاری بکە ... و گرنگی پێ مەدە.**

**دزی پیر:(گرنگی پێ نادات)**

**دزی گەنج:(ترساوە)ئەی هاوار چمان بەسەرهات**

**پیرە دز:یاری بکە، یاری بکە ... و گرنگی پێ مەدە.**

**(خاوەن ماڵە کە بە موبایلەکی پەیوەندی بە پۆلیسەوە دکات.)**

**خاوەن ماڵ:تکایە فریام کەون دوو دزم لە ماڵەکەم دا دەست بسر کردووە...لە جیێ خۆتان مەجوڵین...ئەگینا وە بەر گۆلە تان دەدەم**

**خاوەنی کۆشکەکە پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد.**

**پیرە دز:وەرە دانیشە با یارییە کەمان بکەین؟ خۆت کەر مەکە**

**خاوەن ماڵ: یاری؟ با پۆلیس بێت ؟ جا ئەو جار پێتان دەڵێم یاری چیە؟**

**« دەنگی هاتنی ئوتوموبیلی پۆلیس دێت»**

**دزی گەنج:ئەوە تۆ خەرفاویی؟ ئەوە پۆلیس هات؟**

**خاوەن ماڵ:«بە دزی گەنج» بێدەنگ بە، ئەم دزییە پیلانی تۆیە ئەگینا ئەم پیرە سەگە کوا توانای ماوە،..... زووکەن دەست هەڵبرن..**

**پۆلیس:«دێتە ژوورەوە» سڵاو، چی بووە؟**

**(دزی گەنج زۆر ترساوە وپیرە دز ،زۆر ئارام ولە سەرە خۆیە)**

**خاوەن ماڵ : ئەمانە دزن و پارەی بەردەمیان ماڵی منە و دەیانویست بیدزن !!!**

**پۆلیس:ئەی هیچ وپووچ ،ئەوە شەرم ناکەن؟ئەوە...**

**پیرە دز-کورە کاکی پۆلیس بە هەڵە نەچێت.**

**پۆلیس: هەڵە چون چونی؟ ئادەی تێمگەینە ،بزانم ئەوە چەدەکەی لێرە.**

# یاسا

پیره دز:ئەم پیاوە درۆزنە .. بانگێشتی کردین بۆ ئەوەی یاری لەگەڵ بکەین .. لە ڕاستیدا ئێمە یاریمان کرد و سەرکەوتین .. کاتێک هەموو پارەکەی لەدەستدا تفەنگەکەی دەرهێنا و وتی : یان پارەکەم کەواتە تۆ دەیدەیت یان پۆلیس بانگ دەکەم و پێیان دەڵێم ئێوە دزن !!! ئەمەش خۆاردن وخۆاردنمەوەان

ئەفسەرەکە سەیری سێ دەبەی پێپسی و ئەو پارە پەرش و بڵاوەی لەسەر مێزەکە دەکات.

پۆلیس :(بە خاوەن ماڵەکە): لە ماڵەکەت قوماردەکەی. وە کاتێک شکستت هێنا بانگت کردین! ..ئەگەر جارێکی تر ئەم بابەتە دووبارە بکەیتەوە من فڕێت دەدەمە نێو زیندان !!!

خاوەن ماڵ:( بەسەرسوڕمانەوە )من؟...

پۆلیس:بەڵی تو؟ ئەوە شەرم ناکەی؟

(پاشان ئەفسەرەکە دەچێتە بەر دەرگا بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە.)

پیره دز: قۆربان چەدەکەیت؟

پۆلیس:ئە مە پێوندی بە منەوە نیە(بە خاوەن ماڵ)ئەگر شکاتت هەیە ئەوە بچو بە فۆرمی پێشکەشی دادگایی کە

خاوەن ماڵ:قوماری چی؟ وشتی چی؟ ئەمانە دزن،دز

پۆلیس:زۆرت خواردووتەوە ئاگات لە خۆت نیە

پیره دز:- کاپتن ... ئەگەر بچیتە دەرەوە و لێرە بەجێمان بهێڵێت لەوانەیە بمانکوژێت ...(بە دزی گەنج)زوو هەستە بالەژێر پاراستنی پۆلیسدا ماڵەکە بەجێبهێڵین !!!(بە خاوە ماڵ)تۆش بچو شکاتمان لێ بکە

(دوو دزەکە بە پارە وجانتاکەوە دەروونە دەرەوە ،خاوەن ماڵ لەجێ خۆی بەسەرسوڕمانەوە چاویان لێ دەکات)

خاوە ن ماڵ:بۆیە دزە گەورەکان تەنها سەروەت و سامانی جیهان نادزن ...

بەڵکو لەژێر پاراستنی یاسادا دەیکەن !!!!